

# بەرکـــوتی خەمێکی تر

جەلیل کاکەوەیس
پووشپەڕی ١٩٨٦

لە چاوەکانیدا خەمێکی خەست خۆی حەشار دابوو ، مژۆڵەکانی خۆیان کردبوو بەچەپەرو هێشتا مۆڵەتی تێپەڕبوونی کاروانی ڕوندکەکانی دیدەیان لە ناخەوە پێ ڕانەگەیەندرا بوو ، لەم بارەدا هەر دووچاوی زەق زەق دەیان ڕووانی یە تۆو بەدووچاوی شینی بووکەشووشەی نێو جامخانەی کۆگایەکی لاچەپ دەچوون . . وەك بڵێیت نهێنی بەربوونی جۆگەلەی فرمێسکەکانی لای تۆوە هەڵقوڵێن هەر ئەوەندە ووشەیەکی تەنانەت ساکاریش لەزارت بترازێ‌و ئەو بداتە سەلاّی گریان .

تۆش داڤنشی ئاسایی هەستەکانت گورج کردۆتەوە ، وەك ئەوەی بڕوانیتە تابلۆی مۆنالیزا حەزەکانت لوول دەدەی‌و چەشنی کلاّفە تیشکێك لە هەردوو دیدەتەوە ئاراستەی ڕوخساری ئەکەیت‌و ئەم هێمایانەی لەسەر دەخوێنیتەوە : (پەژارە ، چاوەڕووانی ، گریانێکی بەکوڵ ، بێ هوودەیی‌و زۆر شتی تریش) .

خامۆشی‌یەکی سامناك چەشنی تەم بەسەرتەوە وەستاوە ، نەت دەزانی ئەم بێ‌دەنگی‌یەت حەپەسانە یاخود هەربەردەوامی ئەو مل‌ملانێ‌ کۆنەیە کە لەمەوبەر دەقتان پێوەی گرتبووو ناوتان نابوو (مل‌ملانێ‌ی پیرۆز) ، چونکە لەو ڕۆژەوەی کە ماڵەکەیان هاتە گەڕەکەکەتان تۆ یەکەم منالّ بووی لە بەردەم ئەو بارگەیەدا قیت بوویتەوەو دواییش تۆزی غوربەتت لەسەر ڕووی ڕەواندەوە . یەکەم کەسیش کە نیگات لەسەری نیشتەوە ئەو بوو کە لەسەر بزگرڕەکانی نێو عارەبانەی تراکتۆرەکە قیت دانیشتبوو ، بەکۆترە بارێکەیەکی تاراو دەچوو کە لەرەوەکەی خۆی دابڕابێت‌و کزۆڵە بەسەر کۆتەرە دارێکەوە هەڵنیشتبێت ، ئیدی نەت‌توانی سەرنجت بەلایەکی دی‌دا بەرێ بخەیت جگە لە خوێندنەوەی نامۆیی دەم‌و چاوی ئەو ، بیریشت لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەمیش قوتابی‌یە ؟ یان دەبێ بێتە قوتابخانەکەی ئێوە ؟ ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەم بوو بە هێلانەی یادگارەکانت‌و زەرنەقووتەی پەلەوەری حەزەکانتی تیا گەورە ئەبوو . ئەوە بوو هەڵت بۆ هەڵکەوت‌و گوتت :

– ناوت چی‌یە ؟
– ڕۆشنا
– لە پۆلی چەندی ؟
– من هێشتا نەچوومەتە قوتابخانە ، بەلاّم کاکە شێرکۆم پۆلی دووەمە .

بزەیەکی خۆشی بەلێواری لێوەکانت‌دا بەرەو ناخت بزوا چونکە پێشبینی ئەوەت دەکرد کەئەم دەبێتە هۆی بەیەك گەیشتنەوەی ڕاستە هێڵی جەمسەری تۆو شێرکۆ هەر لەبەر ئەوەش بوو بەندیواری هاوڕێتیت لەگەڵ کەسێکی شارەکەدا نەبوو ، تۆش نامۆیەك بووی لە نامۆکانی ئەم شارەو هاوڕازێکت نەبوو پریاسکەی دڵتی بۆ بکەیتەوە ، بۆیە هۆگری ئەو بوویت‌و بەبست لێ‌ی دوور نەدەکەوتیتەوە .

ئەوا ئێستا لەبەر دەرگا وەستاویت‌و بەرانبەر سامی ئەو دوو گۆمە مەنگە شینە دەسەوسان ناتوانیت باسکی مەلەکردن بجزوێنی ، ئەوە نەبێ لەچاو تروکانێك‌دا وەك ئەوەی قنچکە بەردێك بخەیتە گۆمەکەوەو ئیدی لەو حاڵەوە بازنەیەك خۆی بکشێنی‌و گۆمەکەش بشڵەقیت . تۆش بەلێواری چێوەکەی‌دا بەرەو ڕۆژگارێکی تفت ڕاپێچ بکات‌و قسەکانی شێرکۆت وەبیر بخاتەوە :

– سەرمەد پێم نالێیت بۆچی وا ئەم گەردوونەت لێ تەسك بۆتەوە ؟ برا تواى ڕەگی دوو دڵی لە زەوی دڵت ڕیشەکێش بکەیت‌و کێڵگەی بیرکردنەوەشت لە گیاکەڵە بژار بکەیت .

– شێرکۆ هەست دەکەم دەورو بەرم تاریکستانەو تەنانەت ئەو شیعرانەی کە نووسیمن سروشەکەیان لە جیهانێکی خاوێنەوە دانەدەچۆڕانە نووکی خامەکەمەوە ، ئەو کتێبانەی کە شەونخوونیم بەسەریانەوە دەکرد دێڕ بەدێڕی بە ئاوەژوو دەم خوێندنەوە ، جگە لەمەش سەرم پێم بوو ، پێم سەرم بوو ، پێم لە قۆڵی چۆغەوە هەڵدەکێشاو قۆڵم لە دەرلنگی ڕانکەوە دەرئەکرد . .

– ئای ! ئای ، نەم دەزانی ئەوەندە ڕەشبینی . خۆ ئەوە تۆ نیی ئەوەی هەست بکەیت گۆڕی نائومێدیت بۆ خۆت هەڵکەندووە . . کاتێ ئەدیسۆن ئەم جیهانەی‌کرد بە چراخان چاوەڕووانی ئەوەی نەدەکرد نەوەکانی دوای خۆی ستایشی بکەن‌و گۆڕەکەشی ببێتە مەزار . . . کاکی برای تۆش ئەو خشتەی دەی‌خەیتە سەر دیوارێك بەو نیازەوە نیت ئافەرینی دەسڕەنگینیت بکرێت ، گەر بتناسم تۆ پەپوولەیەکی لەخۆڕا دەسووتێیت . . توخوا وا نی‌یە ! ؟

– . . . تەنها دڵم بەوە خۆشە کە هاوڕێیەکی وەك تۆم هەیە .

هێشتا هەر وەستاوی‌و هەست دەکەیت هەموو لەشت بۆتە چڵە بێ‌یەك‌و لەسەر تەنها ڕەگێکی باریك خۆت ڕاگرتووەو شەپۆلێ لەسەر شەپۆل ڕووبارێکی تووڕە دەت هێنی‌و دەت‌بات . گەر داوێکی سامناکیش لەو دوو گۆمە مەنگەی بەرانبەرت هەڵئەسێ‌و لەگەڵ خۆی‌دا بەرەو بەندەرێکی نادیار ڕاپێچت دەکات ، ئیدی سەرت وور دەبێ‌و خۆت دەدەیتە دەم شەپۆلی ترەوەو لەنگەریش ناگرێت تا ڕۆشنا دێتە زمان‌و دەبێتە بەندەری لەنگەر گرتنت :

– سەرمەد ، ئەوە بۆ وا حەپەساوی ! من بتناسم ئەمەیان زۆر لەوانی تر جیاوازەو مل‌ملانێ پیرۆزەکەی جاران نی‌یە ، ئەوە تۆ بە ڕوخسارت‌دا دیارە چۆکت داداوە ، کوانێ گوڕو تەووژمەکەی جارانت ؟ کوانێ زەردەخەنە ساکارەکەت ! ؟ دەزارت هەڵێنە .

– . . . .

زمانت نەهاتە گۆو ئەوەی پێت بوو هەڵت نەرشت ، چونکە خۆتیش دەت‌زانی بەرانبەر ئافرەتێك کە لە مناڵیتەوە درەختی هیوات بە باڵای ئەودا هەڵئەزنێ چۆکت داداوە ، جگە لەوەش دەت‌زانی هەرکە زارت هەڵێنی ئیدی گرکانێك ناخت هەڵئەتەکێنی‌و ڕۆشنا دەکاتە سووتەمەنی گڕاو(١) ، ئیدی خۆتیش نەت دەزانی چارەنووسی ئەو ساتە کەمە چ گۆبەنێك دەنێتەوەو چ گوڕنەتەڵەی خەمێك پێ‌ی شوومی دەخاتە سەر ئەو هەنگاوە زەوی‌یەی نێوانتان .

هێشتا هەر وەستاوی‌و مۆتەکەی بێ دەنگی دەستی ناوەتە بینەقاقات ، دەنگی ڕۆشنا دووبارە دای چڵەکاندیتەوە :

– ئەی ئێوە یەك قۆناغی سەفەرتان دیاری‌نەکرد ! ؟ئەی یەك خۆراکتان نەکردە دوو توێشووبەرەوە ! ؟

ئەمجارە قوڵپی گریانێکی بێ دەسەڵاتانە لە ناخەوە هەژانتی‌و بۆ یەکجاری بەرانبەر شەپۆلی فرمێسکی ئەو دوو گۆمە شینەی بەرانبەرت چۆکت داداو گوتت : (خۆزگە منیشت نەدەبینی‌یەوە .)

(١) – گڕاو : مەبەست لەو ئێلەمۆ شلەیە کە لە ئەنجامی تەقینەوەی گڕکان سیلاو دەبەستێت .